دوو شەممە ٢٠١٢/١/١٦ – ژمارە (٨٧٣)

## ئامانجێک لە بانگەوازدا

# بۆ ساڵیادی وەفاتی (مامۆستا ئەحمەد کاکە محمود)

**ئا: هەردی ئەنوەر**

بۆ زیاتر تیگەیشتن لە بۆچوونەکانی مامۆستا ئەحمەد، پێویستمان بەوە هەیە کە سەرنجێکی قووڵ لە نەوەی یەکەم بدەین، تا ئامانجی دروست بپێکین و ناوی بانگەوازەکەمان بنێین ئامانجی دروست.

لای مامۆستا، سێ کوچکەی هەبوو، کە بریتین لە:(جیهاد، بانگەواز، کۆچ). کە ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، بریتییە لە (بانگەواز).

وەفاش پێم وابێ ئەوەندە مانایەکی جوانی هەیە کە کەم کەس پەی بەم مانا جوانە دەبا و زۆر کەسیش لەتوانایاندا نییە کە هەڵگری وەفا بن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەندێ هۆکار هەن ڕێگرن لەبەردەم ئەم وەفایەدا، هەرچەند کەسانێک هەن تا لە ژیاندا بن، لەوە دەچێ قەدریان نەزانین و گرنگییان پێ نەدەین، بەڵام کاتێک بەجێی هێشتین، بە بەجێهێشتنێکی سروشتی، ئەوکات هەست دەکەین بە پێ سەنگی کەسەکە، تا سەنگی قورس بێت و پارسایی لە قورسی لەسەر کۆمەڵگە بەجێهێشتبێ، ئەوکات هەست بەوە دەکەین چ شتێکی گرنگمان لەدەست دەرچووە. هەندێ کەس مردوون، بەڵام هەر مردوون. هەندێ کەس زیندوون، بەڵام هەر مردوون. هەندێ کەس زیندوون، هەر زیندوون. هەندێ کەس مردوون، بەڵام زیندوون. مامۆستا لە «هەندێ کەس مردوون، بەڵام زیندوون»دایە.

هەر تاکێکی ئەم کوردستانە بگریت، بۆ یەک سات بەخزمەت مامۆستا گەشتبێت، گەیشتن چ بە (خۆی و وتارەکانی، یان نووسینەکانی)، ئەوە خۆشەویستی ئەم مامۆستا بەڕێزەی چۆتە دڵەوە.

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەیدا، کە (مامۆستا سەلاحەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتوو) لەوێ دەبێت، دەڵێت:»هەرچەندە لە فکر و بۆچووندا جیاوازیمان هەبوو، بەڵام مامۆستا خۆشەویست بوو، کەسێکی زیرەک و لێهاتوو بوو». مەبەستم لەم وتەی ئەمیندار، ئەوەیە کە تەنانەت نەک لای تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، بەڵکو لای تاکەکانی حیزبیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە مامۆستا چۆن بووە، هەم لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، هەم لەناو حیزبدا، مامۆستا هەمیشە تەئکیدی لەسەر نەوەی یەکەمی ئیسلام ئەکردەوە، کە دەبێ ئێمەی موسڵمانان لە ئاکار و ڕەوشتدا لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا چاو لە نەوەی یەکەم بکەیەن. ئەمە تا ڕادەیەک بەپێی توانای خۆی لە ژیانی خۆیدا ڕەنگی دابوویەوە، بۆیە خاڵی سەرەکی ئەمەیە بۆ هەمووومان، بەتایبەت ئەوانەی کە کاری بانگخوازی ئەکەن، ئەوە گرنگە کە سەرەتا لە ناوەوەی خۆی ئەوپەڕی دادگەری و ئەخلاقی ئیسلامی، پاشان خودی خۆی دەرببڕێ، ئەوکات تەنها بە بینین کاریگەری دەبێت، نەخوازا قسە کە کاریگەریی تەواوی دەبێت.

خوای گەورە و میهرەبان لە کتێبی پیرۆزی خۆیدا کە قورئانە، ئەوە بەیان دەکات کە «خوای گەورە ڕقی لەو کەسانە دەبێتەوە کە ئەوەی بە دەم دەیلێن، خۆیان جێبەجێی ناکەن و کاری پێ ناکەن»، نابێ گلەیی ئەوە بکەین کە کاتێک بمانەوێ کاریگەریمان لەسەر تاکەکان هەبێت، کردارمان و گوفتارمان کاریگەری نابێت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە خۆم، پاشان کەسی بەرامبەر، جا ئەو کەسە هەر کەسێک بێت، کاریگەرییەک کە ئێستاش نەک مامۆستا، هەر کەسی تر بێت، هەر وتەیەک کە لە دەم دەردەچێت، بە مەبەستی ئیسلاحخوازی لە خودی خۆی پاشان بەرامبەری بۆ چرکەساتێک لە دەمی بیرهاتنەوە لە فکر و هزرت دەرناچێ. ئەمەش ئەم مامۆستا بەڕێزانە، بەتایبەتی مامۆستای مرۆڤایەتی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد - صلی الله علیه و سلم» و لە نەوەی دوای ئیمام (حەسەن بەننا و سەید قوتب و مەودودی)م بیردەهێنێتەوە.

لە (٢٠٠٧/١/٢٥) مامۆستا کۆچی دوایی کرد، تا ئەمڕۆش هیچ میراتێکی وای بەجێ نەهێشتووە لە ماددە، تاوەکو بڵێن ئەوە بۆ وا بوو؟ مانای چییە؟ بیروبۆچوونی وابوو تا پێشمەرگە و حیمایەکانی پێویستییان هەبوایە، نەدەچوو زیادەڕۆیی بکات. تا ئەو مابوو، کارەبا هەبوو، یان نەبوو، گەر کارەباش هەبوایە، بە کەمی، بۆیە لەبەر چرا دەستی دەکرد بە نووسین و دەستی دەکرد با کاری بانگخوازی و هەوڵدان بۆ ئیسلام.

لە جەژنەکاندا لەناو ماڵ و منالی خۆیدا نەبوو، بەڵکو دەچوو پێشمەرگەکان و مقەڕەکانی بەسەردەکردەوە. ڕای مامۆستا وابوو - کە بەپێویستی ئەزانم لێرەدا بیڵێم - کە حیزبی وەک (وەسیلە) بەکارئەهێنا، نەک وەک (عەقیدە). ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی ئەمڕۆیە کە زۆر کەس، بەتایبەت ئەوانەی ئیشی حیزبی دەکەن لە حیزبی ئیسلامیدا، لەوە دەچێ حیزب وەک (عەقیدە) بەکاربێنن، کە ئەمە زۆر خەتەرناکە، گەر وابکەین، ئەوەی پێمانە ناچێتە سەر ئامانج، بۆیە هەموو هەوڵدانی موسڵمان دەبێ ئەوە بێت کە ئامانج بپێکێ، ئامانجی سەرەکیش دەبێت مێشک و دڵ بێت، کە ئەم دوو ئەندامە ئینسان دەگۆڕن، ئەمەش بە دڵنیاییەوە گەر ئامانجمان گەیشتن بێت بە دەسەڵات و بەس، ئەوە ڕۆشنبینیمان بەکارنەهێناوە، ئامانجی مامۆستاش ئەوە بوو کە لەسەر دوو ئەندامەکەی لەش ئیش بکات، نەک گەیشتن بە لوتکە، چونکە گەر وای بکردایە، ئەو هەر زوو ناوی لەبیر ئەکرا، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەمەیە (ئامانجی دروست).

مامۆستا ئەوەی باش ئەزانی کە جاهیلیەت واز لە ئازاردان ناهێنێ و لەسەر بانگەوازی (لا اله الا الله) خۆی پێ ڕاناگیرێ، بۆیە بە چەندەها شێوە ئازاردان و ناخۆشی بێ ئەوەی زیانی بۆ یەک کەسی ئەم کوردستانە هەبێت، تەنانەت لە خوتبەیەکیدا باسی ئەوە دەکات «ئێمە کوردستان لە چاومان باشتر ئەپارێزین». وشەی چاوی بەکارهێناوە، کە چاو نەبێ، ئینسان ناتوانێ ببینێ.

لایەنێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا ئامانجی ئەوە نەبووە کە چینێک دروست بکات، خەڵک لەدەوری ئەو چینە کۆبکاتەوە، بەڵکو ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەی ئیسلامی بوو، هەوڵدان بۆ گۆڕینی نەفامی لەوەی تێکەوتووە. دەبێ ئێمەی موسڵمان چاو لە مامۆستای مرۆڤایەتی (محەمەد - صلی الله علیه و سلم» و شوێنکەوتووانی بکەین، هەرکەسێک کا ئامانجی سەرکەوتنی ئیسلام بێت. ئەمەیە جەوهەری ئیش و کاروباری ئیسلامی. ئێمەی موسڵمان و بەتایبەت ئەوانە کە زۆر بەجوانی خۆیان بۆ ئیسلام یەکلایی کردۆتەوە، دەبێ ئەمە ئامانجی سەرەکییان بێت، ئەوکات ئەمیش دەتوانین ناوی لێ بنێین ئامانجی دروست.



# لیستی هاوبەشی تەندروستکاران بۆچی بایکۆتی کۆنگرەی تەندروستکارانیان کرد؟



**یەکگرتوو- هەولێر**

دوای ئەوەی چەندین ساڵ دوو سەندیکایی پیشەی تەندروستکاران هەبوو، بە هەوڵێکی زۆر توانرا یەک بخرێن، چەند ساڵێکیش بە سەر ئەو یەکخستنەدا تێپەڕی، لەئەنجامدا ساڵێک لەمەوبەر لە ناوەندەکانی تەندروستی هەڵبژاردن ئەنجام درا و لەکۆتایدا لە (١١ و ١٢) ی ئەم مانگەش کۆنگرەی سەندیکای تەندروستکاران بەسترا، بەڵام هەردوو هێزی دەسەڵات لەناخەوە یەکیان نەگرتبویەوە هەرلایەکیان ڕێژەیەکیان لەئەندامانی خۆیان هێنابویە کۆنگرە بەبێ پاڵاوتن و سەپاندیان بەسەر کۆنگرەدا، بەو هۆیەوە لیستی هاوبەشی تەندروستکارانیش بایکۆتی کۆنگرەکەی کرد، لەو بارەشەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کەلە بەشێکیدا هاتووە: « دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی سەندیکا، بەڕ□یوەبەرانی سەندیکا کەوتنەوە درێژەپێدانی نەبەستنی کۆنگرە بەبێ پاساوێکی لۆجیکی، دواجار لەژێر فشارو داواکاری لیستەکاندا دوای ساڵێک بڕیاری بەستنی کۆنگرەیاندا.

ئێمە بۆ بەشداری کردن لەو کۆنگرەیەدا ئامادەیی خۆمانمان دەربڕی و هەنگاوی جیددیمان ناو و چەندین کۆبونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدا ئەنجامدا، بەمەبەستی بەستنی کۆنگرە بەشێوەیەکی دیموکراسی.

دوای ئەو هەموو کۆبونەوانە ئێمە وەک لیستەکانی کارمەندانی تەندروستی (سەردەم ، یەکگرتوو ، کۆمەڵ) گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- لسیتی دەسەڵات نایانەوێت کۆنگرەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو بەئەنجام بگات و سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی لە سەندیکایەکی پاشکۆی حزبیەوە ببێتە سەندیکایەکی سەربەخۆی سەرجەم کارمەندانی تەندروستی.

٢- سوربوونی لیستی دەسەڵات لەسەر بەشداری پێکردنی (٣٤) ئەندامی کۆنگرە بەتەزکیە،دەکاتە نوێنەرایەتی (٣٤٠٠) کارمەندی تەندروستی کە ئەو ژمارەیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە و هەندێک لەو ئەندامانە لەدەستەی بالای سەندیکادا نەبوون ، تەنها بۆ گۆڕینی بالانسی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە بەقازانجی لیستی دەسەڵات، بە مافی خۆمانی دەزانین پەنا ببەینە بەر دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە.

٣- لیستی دەسەڵات ڕێز لە(ئیستیحقاقی) هەڵبژاردن ناگرێت و هەوڵدەدات درێژە بەسیاسەتی قۆرخکردنی جومگە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی سەندیکا بدات.

٤- بەستی کۆنگرە بەم میکانیزمەی ئێستای سەندیکا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە هیچ چاکسازیەک و گۆڕانکاریەک لە سەندیکادا ناکرێت و وەک سەندیکایەکی پاشکۆ و چەق بەستوو دەمێنێتەوە، ئێمە کە نوێنەرایەتی هەزاران کارمەندی تەندروستی دەکەین و زیاتر لە(یەک لەسەر سێی )ئەندامانی کۆنگرە پێک دەهێنین و بەبەشداری پێ نەکردنی ئەم ڕێژەیە کۆنگرە شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات، ئێمەش خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین بەرامبەر بەو متمانەیەی پێمان دراوەو لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کارمەندانی تەندروستیدا ئەم بڕیارەماندا».

## ئەندامێکی لیستەکە:
# دەتوانین ڕێکخراوێک دروست بکەین بۆ ئەو دەنگانەی متمانەیان بە ئێمە بەخشیوە

ئەندامێکی لیستی هاوبەش پێی وایە ئەو کارانەی لیستی دەسەڵات ئەنجامی دەدەن درێژ کراوەی پەنجا بە پەنجای ساڵانی ڕابردووەو ئەگەر واش بێت ئەوا ئەوان ڕێکخراوێک دروست دەکەن، بۆ هەموو ئەو دەنگانەی کە متمانەیان پێ بەخشیون.

ئیسماعیل ئەحمەد حسین ئەندامی کۆنگرە لە لیستی هاوبەش وتی: «ئەگەر سەیرێکی حوکمڕانی بکەین لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەوە تا خوار پەنجا بە پەنجا برابەش کراوە، بڕواش ناکەم ئێستا کەسێکی تر بکەنە شەریکی خۆیان، وە ئەو چەند لایەنەشی لەدەسەڵاتدا هەن، وەک شەرعیەتدانێکە بەخۆیان، دەنا نە بە گوێی دەکەن و نە لە دارشتنەوەی بەرنامەی وڵاتدا پرسیان پێدەکەن». ناوبراو زیاتر وتی: «ئێمەش لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بێبەش نەبووین لەو دوو شەڕەکانی ناوخۆ کارمەندانی تەندروستی بوون بە دوو بەشەوە، لە هەردوو دەڤەرەکە سەندیکای تەندروستی دروستکرا، تا ساڵی ٢٠٠٩ و زیاتر لە ٣ ساڵ کۆنگرە دواخرا، دواجاریش وا ساڵێک دەبێت هەڵبژاردن ئەنجامدراوە لەناوەندەکانی تەندروستی بەگشتی بە هەوڵی خەمخۆران هاتینە ئەو ساتانەی کە کۆنگرە ئەنجام بدەین، بەڵام لە سەروبەندی کۆنگرەو بەشداری لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن کە دەنگی بەدەستهاتووی خۆیانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆمان دەرکەوت کە ئەو دوو لیستەی دەسەڵات وەک هەمیشە پاشکۆی حیزبن و حەز ناکەن کەس لە دەسەڵاتەکانیاندا هاوبەش و شەریک بێت لەبڕیاردان و، سەرلە نوێ دارشتنەوەی سەندیکادا، بۆیە ئێمە بیباکیەک دەبینین بە لیستی کارمەندانی تەندروستی سەربەدەسەڵات».

هەروەها لەبارەی هەڵوێستی داهاتوویان ناوبراو دەڵێت: «ئێمە وەک چۆن لەهەموو بوارو ئۆرگانەکانی خۆماندا کار دەکەین بەڵسۆزی، هەروا دەمێنینەوەو فەرمانەکانی خۆمان ڕادەپەڕێنین، دەتوانین ڕێکخراوێک دروست بکەین بۆ هەموو ئەو دەنگانەی کە متمانەیان بە ئێمە بەخشیوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی خۆمان.

